# بنەماکانی وتارنووسین (وتاری سیاسی)

**قەرەنی قادری**

**وتارنووسینیش هەروەک بەشەکانی تری ڕاگەیاندن، مەبەستی گەیاندنی پەیامە، جا ئەو پەیامە لەسەر کاغەز بێت یان بە شێوەی دیجیتاڵی. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە وتارنووس بتوانێت بە زمانێکی سادە و ڕەوان، هەروەها بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی نووسین، هەوڵ بدات کورت و پوخت مەبەستەکانی خۆی بە خوێنەر (پەیاموەرگر) بگەیەنێت.**

وتارنووسی و کارتێکەریی وتار لەسەر پەیاموەرگر، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. ئەرستۆ (384 ـ 322 پ ز) فەیلەسووفی یۆنانی، یەکەمین کەس بووە لە سەردەمی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، کاری لەسەر وتار و واتای وتار کردووە. توانایی و لێزانیی ئەرستۆ تەنیا بۆ زانست و زانیارییەکانی ناگەڕێتەوە، بەڵکوو بۆ هونەری گەیاندنی پەیامەکانیش دەگەڕێتەوە. هەر ئەمەیش ئەوی لە فەیلەسووفەکانی سەردەمی خۆی جیا دەکردەوە.

**وتار، یان تێکست (دەق)، بابەتێکی سنووردارکراوە، کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا بڵاو دەکرێتەوە.** بە ڕێگەی ئامرازی ڕاگەیاندنەوەیە، کە وتارنووس پەیوەندی لەگەڵ پەیاموەرگردا چێ دەکات. دەبێ هەوڵی سەرەکیی وتارنووس (پەیامنێر) بۆ خوێنەر (پەیاموەرگر) ئەوە بێت کە پەیامەکەی کار لەسەر ئاوەز و هەستەکانی خوێنەر بکات و بە دوای خۆیدا ڕای بکێشێت. لە دۆخێکی وادایە، کە وتارنووس سەرکەوتوو دەبێت.

وتار، یان تێکست، ڕوو لە پەیاموەرگر (خوێنەر، بینەر و بیسەر) دەکات، لەبەر ئەوە، ئامانج لە ناردنی پەیام بۆ پەیاموەرگر ئەوەیە، کە تا چ ڕاددەیەک ناوەڕۆکی پەیامەکە، کار لەسەر هزری خوێنەر بکات.

**قۆناغەکانی وتارنووسین**

بۆ نووسین و هێنانەدیی بەرهەمی نووسین، هەندێک قۆناغ پێویستن کە دەبێ لە کاتی نووسیندا ڕەچاویان بکەین و بیانبڕین، هەروەها بیرۆکەی پێ پۆلێن بکەین و دوایی لە چوارچێوەی وتاردا گەڵاڵەی بکەین.

**ئەو قۆناغانەی کە نووسینی وتارێک پێیدا دەرباز دەبێت، بریتین لە:**

1 فکر، پێویستی، ڕووداو، دەنگوباس و...

2 بەڵگە کۆکردنەوە

3 ڕێکوپێککردنی بەڵگەکان

4 نووسینەوە

5 پێداچوونەوە (شوشتنەوەی وتار یان لەڕەندەدانی وتارە)

**لە قۆناغی یەکەمدا**، بوونی فکر، کێشە، پرس یان پێداویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ نووسینی وتار، یەکەمین پلەیە لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی نووسیندا. مەبەست لەم کارەیش ئەوەیە، کە وتارنووس هەوڵ دەدات بابەتێک ڕوون بکاتەوە و بیگەیەنێت.

**لە قۆناغی دووەمدا**، هەوڵدان بۆ بەڵگە کۆکردنەوەیە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە قۆناغی یەکەمەوە (فکر، کێشە، پرس یان پێداویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی) هەیە، کە وتارنووس کەڵک لە زانیارییەکانی خۆی وەردەگرێت. کەڵکوەرگرتن لە کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، ئینترنێت، هەروەها وتوویژ لەگەڵ هاووڵاتیان، دامەزراوە مەدەنی و حکوومییەکانیش بەشێکی دیکەی سەرچاوەی زانیارین، کە پێویستە وتارنووس کەڵکیان لێ وەرگرێت.

**لە قۆناغی سێیەمدا**، کە ڕێکوپێککردنی بەڵگەکانە، پۆلێنکردنیان بە گوێرەی ئەو گرنگی و بایەخەی کە هەیانە، ڕێکوپێک و پلەبەندی دەکرێن؛ هەروەها پێویستە پەیوەندیی عەقڵانی لە نێوان بەڵگەکانیشدا دەستنیشان بکرێن، کە کام بەڵگە لە کام شوێندا جێی بۆ تەرخان بکرێت، تا ڕەوتی نووسین ئاسان بکرێتەوە.

**لە قۆناغی چوارەمدا**، کە نووسینەوەیە، داڕشتنی چوارچێوەی وتار دیاری دەکرێت. فۆرمدان بە گشت بابەت و بەڵگەکان، قۆناغی نووسین و داڕشتنی سەرەتایی وتارە. لێرەدا قۆناغەکانی دووەم و سێیەم، باشترین کەرەسەن کە وتارنووس دەبێ بەوردی ڕەچاویان بکات، تا بەرهەمێکی سادە و ڕەوان بێنێتە کایەوە. لەم قۆناغەدا ئەگەری ئەوە هەیە، کە بەڵگەکان کەم یان لاواز بن. لە دۆخێکی وادا، پێویستە جارێکی تر زانیاریی بەپێزتر کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە، کۆ بکرێنەوە.

**قۆناغی پێنجەم**، پێداچوونەوە یان "شوشتنەوەی وتار"ە. نووسەر، دەبێ بەوردی بە نووسراوەکەیدا بچێتەوە، یان داوا لە یەکێک لە هاوکارەکانی بکات تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە وتارەکە دەرببڕێت. دەبێ بەشێنەییەوە بە زمانی نووسین و ڕێزمان، ناوەڕۆکی وتار، بژارکردن، دەربڕینی پەیام و خاڵبەندیدا بچێتەوە. ئەم بەشە "شوشتنەوەی وتار"یشی پێ دەگوترێت. لەم قۆناغەی کۆتاییدا، کە کورت و چڕکردنەوەی وتارە، دەبێ گرنگی بە پاراویی زمان و سادەبوونی وتار بدرێت و بەوردی کاری لەسەر بکرێت، تا خوێنەر بتوانێت بەسانایی لە ناوەڕۆکی پەیامەکە بگات.

### بینا و کۆڵەکەکانی وتار

دوای ئەوەی کۆتایی بە قۆناغەکانی وتارنووسین (ڕەوتی نووسین) هات، پێویستە پێودانگی ڕۆژنامەوانی لە نووسینی وتار یان تێکستدا ڕەچاو بکرێت. ئەم پێودانگەیش بۆ ئەوەیە سنوورێک لە نێوان پێکهاتەکانی وتار، کە کۆڵەکەکانی وتارن و وتاری لەسەر بینا دەکرێت، دەستنیشان بکرێ. بە ڕێگەی ئەم پێودانگەیە کە خوێنەر دەتوانێت **سەردێر، دەسپێک و تێکستی جووڵاو** لێک جیا بکاتەوە و بەسانایی لە مەبەستی وتارنووس بگات. ئەم کارە ئەم دەرفەتەیش بە خوێنەر دەدات، کە بزانێت تا چ ڕاددەیەک وتارنووس، شارەزای کاری نووسین و پێودانگەکانی ڕۆژنامەوانییە و ڕەچاویان دەکات.

ڕەچاوکردن و جیاکردنەوەی **سەردێڕ، دەسپێک و تێکستی جووڵاو** لەلایەن وتارنووسەوە لە وتاردا، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە نووسەر بەسانایی بتوانێت وتاری کورت، ڕەوان و چڕ بنووسێت، هەروەها مەبەستی خۆی لە ناردنی پەیامەکەیدا بە خوێنەر بگەیەنێت. **ڕەوان، سادە و کورتنووسین، سەرەکیترین هونەرن لە وتارنووسیدا.**

پێویستە وتارنووس تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانێت، حەز بۆ خوێندنەوە لە خوێنەردا دروست بکات، سەرنجی ڕابکێشێت و تا کۆتاییی وتارەکە لەگەڵیدا بمێنێتەوە؛ هەروەها ناوەڕۆکی وتارەکەیش لە زەینی خوێنەردا بچەسپێت. لە وەها دۆخێکدایە، کە وتارنووس توانیویەتی ئامانجی خۆی بپێکێت و سەرکەوتوو بێت.

### خاڵبەندی لە نووسیندا

دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی لە شوێنی پێویست و دروستنووسینی وشەکان، یارمەتیی خوێنەر دەدەن زوو تێ بگات. نیشانەکانی خاڵبەندی لە نووسیندا، بۆ دابەشکردنی تێکست لە ڕووی سینتاکس (ڕستەسازی) و واتاوە بەکار دەهێندرێن. "ئەرکی دابەشکردنی تێکست بەسەر ڕستەدا و ڕستەیش بەسەر پارچەی جیاوازدا ئەو نیشانانە بەجێ دێنن، کە بە ناوی نیشانەکانی خاڵبەندی ناسراون. نیشانەکانی خاڵبەندی بەر لە هەر شتێک دەوری دابەشکردنی تێکست بەسەر ڕستە لە ڕووی واتاوە دەبینن."

### کۆڵەکەکانی وتار

پۆلێنکردنی پێکهاتەی وتار، دوایین و سەرەکیترین قۆناغی نووسینی وتارە، کە دەبێ ڕەچاو بکرێت. وتار، یان تێکست لە کاتی ئامادەکردنی بۆ چاپ، بە سەر **سێ چەمکدا** دابەش دەکرێ:

**١- سەردێڕ**

**٢- دەسپێک یان سەرەتا** (Preamble -Ingress**)**

**٣- تێکستی جووڵاو (**Flowing text**)** یان "تێکستی نان"

### سەردێڕ

یەکەمین بەش لە وتاردا کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، سەردێڕە. لە ڕێی سەردێڕەوەیە کە خوێنەر وتار دەبینێت و پەیوەندیی پێوە دەکات. سەردێڕ، ڕۆڵی پێناسەی وتاریش دەگێڕێت. سەردێڕ، دەبێ تا ڕاددەیەکی بەرچاو باس لە ناوەڕۆکی وتاریش بکات. سەردێڕ کە کۆپلەیەکی کورتە و لە ناوەڕۆک دەدوێ، پێویستە ئەو هێز و توانایەی هەبێت کە خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. سەردێڕ، **تێکستێکی سەربەخۆیە** کە باس لە پەیامێک دەکات و، پێویستە بە **ڕەنگی ڕەشتر و پیتی گەورە (زەق و بەرچاو)** بنووسرێت.

### دەسپێک یان سەرەتا (Ingress)

دووەمین بەش لە وتاردا، دەسپێک یان سەرەتایە کە بە شێوەیەکی کورت و چڕ، باس لە ناوەڕۆکی پەیامی

وتار دەکات و، پێویستە بە **پیتی گەورە (زەق و بەرچاو)** بنووسرێت و "**چل تا پەنجا**" وشە بێت. ئەم دەسپێکە، دەبێ کاکڵ و ناوەڕۆکی وتار لەخۆ بگرێت. بە واتایەکی تر، تەواوی وتارەکە، دەبێ بە شێوەیەکی کورت و ڕەوان لە دەسپێکدا گەڵاڵە بکرێت. لە دەسپێک یان لە سەرەتادایە، کە خوێنەر لە تەواوی ناوەڕۆک و پەیامەکەی وتارنووس دەگات. **دەسپێک، دەبێ زمانحاڵی وتار بێت.**

**تێکستی جووڵاو (تێکستی نان)**

لە سەردەمی یۆنانی کۆن، هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، نووسەران خۆیان سەردێڕ و دەسپێکی وتار، یان نووسراوەکانی خۆیانیان دەنووسی. لەبەر ئەوەی کە وتار، یان تێکست لەو سەردەمدا درێژ بووە، کرێکارانی پیتچن، بەشی سێیەمی وتار، واتە **تێکستی جووڵاو (تێکستی نان)**یان دەنووسی. ئەم کرێکارانە لە بری هەر سەنتیمەترێک کە دەیاننووسییەوە، پارەیان لەو نووسەرانە وەردەگرت. ئەم پارەیەی وەریان دەگرت، پارەی بژێوی (نان) بۆ خۆیان یان بۆ ماڵ و منداڵیان بوو. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا بە تێکستی جووڵاو ناوی دەرکردووە.

هۆکارەکەیشی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، یەکەم: نووسەر خۆی گشت بابەتەکە (**سەردێڕ، دەسپێک و تێکستی نان**) دەنووسێت. دووەم: ناواخنی بەشی سێیەم لە وتاردا (**تێکستی نان**) بەهۆی ئەوەی مەودای نووسینی لە دوو بەشەکەی تر (**سەردێڕ** و **دەسپێک**) زیاترە، گەلێک هۆکار، هاوکێشە و بۆچوون دێنە ناو بابەتەکەوە، کە ئەم هۆکارانە "تێکستی نان" وەکوو "تێکستی جووڵاو" لێ دەکەن.

ڕۆڵ و دەوری تێکستی نان (**تێکستی جووڵاو**)، بریتییە لە باس و شیکردنەوەی دەسپێکی وتارەکە. لەم بەشەدا، پێشینەی ئەو بابەتەی لە دەسپێکدا هاتووە، شی دەکرێتەوە. وتووێژ لەگەڵ کەسایەتییەکان، باس لە هاوکێشە و هۆکارەکان، هەروەها بۆچوونی لایەنە جیاوازەکان و لە کۆتاییدا، دەرەنجامی وتارەکە، ناواخنی تێکستی جووڵاو یان بابەتەکەن. لەم بەشەدا بەپێی ئەوەی کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر دێنە ناو وتارکەوە، هەروەها مەیدانی نووسین لە بەراورد لەگەڵ "سەردێڕ" و "دەسپێک"دا زیاترە، نووسەر ئەو دەرفەتەی دەبێت کە بە دەستێکی ئاوەڵاوە بابەتەکەی بنووسێت، بەڵام دەبێ ئەوەیشی لەبیر نەچێت کە خۆ لە درێژدادڕی بپارێزێت.

**کارتێکەریی وتار لەسەر خوێنەر**

دەبێ بۆ نووسەری وتار، گەلێک گرنگ بێت کە بابەتەکەی (پەیام) کار لە خوێنەر (پەیاموەرگر) بکات؛ حەز بۆ خوێندنەوە لە لای خوێنەر بخوڵقێنێ و وای لێ بکات بەبێ ماندووبوون درێژە بە خوێندنەوە بدات. وتارنووس، دەبێ لە مەیدانی ئاوەز (عەقڵ) و بیرکردنەوەیشدا، پەیاموەرگر چالاک بکات.

لە وتارنووسیندا، پێویستە کەڵک لە زمانێکی سادە و ڕەوان وەربگیرێت؛ تەنانەت بابەتەکە هەرچەندە سەخت و ئاڵۆزیش بێت، پەیام دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێت. **ئەگەر خوێنەران لە پەیامەکە (وتار) نەگەن، ئەوە کێشەی ئەوان نییە، بەڵکوو ئەوە گرفتی وتارنووسە کە نەیتوانیوە هزر و بۆچوونەکانی خۆی باش گەڵاڵە بکات و بە زمانێکی ڕەوان و "بێگرێ" بە خوێنەری بگەیەنێت.** لە وتارنووسیدا بیر لە **سادە و ڕەوانی تێگەیاندن** (خوێنەر یان بیسەر تێ بگات کە تۆ چی دەڵێیت) و **کارتێکەری** بکەرەوە. ئەمانە کۆڵەکەی سەرکەوتنن لە وتارنووسی و گەیاندنی پەیامدا.

**سەرچاوە:**


**بە زمانی کوردی:**

**د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف:** بەرهەمە زمانەوانییەکانم، سلێمانی۔ چاپی 2002

http://diyako.yageyziman.com

**بە زمانی سویدی:**

1- "Marika Tandefelt **,"Konsten att skriva**

2- **Så arbetar en journalist** (کۆمەڵە نووسەرێکی سویدی)

3- Nationalencyklopedin https://www.ne.se

4- Lena Holst, **Skriv bättre texter!**

**بە زمانی ئینگلیزی:**

https://www.thoughtco.com/what-is-an-essay-p3-1691774

**بە زمانی فارسی:**

https://isi-isc.com/.post/mkalh-chist